# روانگەی سیاسی و بایەخمەندییەکانی دەنگدەران






# ڕوانگەی سیاسی و بایەخمەندییەکانی دەنگدەران

بابەتەکانی وەك گرنگیدان بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بەڕێژەی 56.7%، دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بە 41.8%، گەڕاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە بە 39.8% و نەهێشتنی گەندەڵی بە ڕێژەی 34.2% لە ڕیزی ئەو بابەتە سەرەکییانەن کە دەنگدەران دەیانەوێ لایەنی براوە بایەخیان پێبدات. لە بەرامبەردا کەمترین ڕێژە یاخود بۆچوونی هاونیشتمانیان لەگەڵ ئەوەدا بووە لایەنی براوە گرنگی بە ئەلیکترۆنیکردنی تەواوی دامەزراوەکانی حکومەت(2.1%)، دەربڕینی ئازادی زیاتری بیروڕا (2.6%) و سەقامگیری سیاسی(5.2%) بدات. ڕێژەی 2.6% داوای دەربڕینی ئازادی زیاتری بیروڕای کرووە، بەرزترین ڕێژەش لە زاخۆ بووە کە تەنیا 7.5% بووە. ئەمە دەریدەخات کە بایەخمەندییەکانی (ئەولەویەتەکانی) خەڵك زیاتر بۆ بابەتە ئابووریی و خزمەتگوزارییەکانە نەک بابەتەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و ئازادییەکان.

بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی لەگەڵ ئەوەدابوون کە لایەنی براوە گرنگی بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بدات، لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان بەڕێژەی 75.2%بووە. هەروەها بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی گوتوویانە لایەنی براوە گرنگی بە دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان بدات لە ئیدارەی زاخۆ و گەرمیان بەڕێژەی 52%بووە. دوای ئەوە بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە گوتوویانە پاشکەوتی مووچە بگەڕێندرێتەوە، بەڕێژەی 56% و لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بووە.

ڕێژەی 44.4%ی بەشداربووان پێشبینی گۆڕانکاری سیاسی لە هەڵبژاردن ناکات، لە




هەمانکات دا ڕێژەی 46.3% بۆچوونی لەگەڵ ئەوەدابووە کە گۆڕانکاری ڕوودەدات و ڕێژەی 9.4%یش بە نازانم وەڵامی داوەتەوە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی پێشبینی گۆڕانکاری

سیاسییان لە هەڵبژاردن دا کردووە، لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بەڕێژەی 53.7% بووە و لە بەرامبەردا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی پێشبینییان کردووە کە گۆڕانکاری ڕوونادات لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی 61% و لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 56.7%بووە.
هەروەها، لەڕووی ڕەگەز، باری خوێندن و پیشە و ژینگەی دانیشتوانەوە جیاوازییەکی بەرچاو لە بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بە گۆڕانکاری سیاسی لە هەڵبژاردن بەدیناکرێت. هەموویان بەڕێژەی 36% بۆ 40% گوتوویانە پێشبینی گۆڕانکاری سیاسی ناکەین و لە بەرامبەردا، بەڕێژەی 43% بۆ 50% گوتوویانە پێشبینی گۆڕانکاری دەکەین.
بەپێی ئەنجامەکان نزیکەی نیوەی بەشداربووان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە ئۆپۆزیسیۆن بەشداری پێکهێنانی حکومەت نەکات. بۆ نموونە، تەنیا ڕێژەی 34% گوتوویانە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن ببنە بەشێک لە پێکهێنەرانی حکومەتی داهاتوو، لە بەرامبەردا ڕێژەی 49%، واتە نیوەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بۆچوونیان لەگەڵ ئەوەدابووە کە ئۆپۆزیسیۆن نەبێتە بەشێک لە حکومەتی داهاتوو. بەرزترینی ئەو ڕێژەیەی کە گوتوویەتی ئۆپۆزیسیۆن نەبێتە پێکهێنەری حکومەتی داهاتوو، لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و سلێمانی بووە.
دواخستنی هەڵبژاردن بەدرێژایی مێژووی پەرلەمان کوردستان شتیکی بەردەوام بووە. بەشێوەیەک کە لە خولی یەکەمی پەرلەمانەوە تاوەکو خولی پێنجەم، هەشت جار تەمەنی پەرلەمانی کوردستان درێژکراوەتەوە. چوار جار لە خولی یەکەم بەهۆی شەڕی ناوخۆوە درێژکراوەتەوە، جارێک لە خولی دووەم، جارێک لە خولی سێیەم، جارێکیش لە خولی چوارەم و ئەم جارەش لە خولی پێنجەم تەمەنی پەرلەمان درێژکرایەوە، بەڵام دادگای فیدراڵیی عێراق درێژکردنەوەکەی ڕەتکردەوە.
سەبارەت بەو پرسیارەی کە دواخستنی هەڵبژاردن چ واتایەك دەگەیێنێت، بەشداربووان کە زیاتر لە یەک بژاردەیان هەبووە، بەڕێژەی 67% گوتوویانە واتای بێهیواکردنی هاووڵاتیانە، لەم بۆچوونەش دا بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای سلێمانییە کە 80% هەمان بۆچوونیان هەبووە، دوای ئەوە بە پلەی دووەم ڕێژەی 55.2% هاونیشتمانیان لە هەرێمی کوردستان گوتوویانە واتای "بێهیواکردنی هاووڵاتیانە لە گۆڕانکاری سیاسی". بەرزترین ڕێژەی ئەوانەش کە ئەم بۆچوونەیان هەبووە، بەڕێژەی 66% لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین بووە.
51.3%ی بەشداربووان پێیانوابوو کە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا، دەبێتە هۆی لاوازکردنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی 41.2% گوتوویانە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆی دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی نێوبانگی هەرێمی کوردستان و ڕێژەی 38%یش ئەوەیان وەك بێ نرخکردنی ئیرادەی هاووڵاتیان لێکداوەتەوە.
ڕێژەی 71.4% هاونیشتمانیان بۆچوونیان وابووە کە دواخستنی هەڵبژاردن بۆ جارێکی دیکە دەبێتە هۆی لەدەستدانی پاڵپشتییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە حکومەتی هەرێمی




کوردستان.

هەروەها ڕێژەی 67.5% هاونیشتمانیان لە هەرێمی کوردستان گوتوویانە دواخستنی هەڵبژاردن بۆ دووەم جار مەترسی لە دەستدانی ڕەوایی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکات. لە بەرامبەردا تەنیا ڕێژەی 28% ڕایەکی پێچەوانەیان هەبووە. بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کە گوتوویانە دواخستنی هەڵبژاردن بۆ دووەم جار دەبێتە هۆی لەدەستدانی شەرعیەتی دامەزراوەکان لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 87.8% و لە ئیدارەی ڕاپەڕین بە ڕێژەی 86%هاتووە، لە بەرامبەردا، لە ئیدارەی زاخۆ بە ڕێژەی 55% و لە پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی 53.8% گوتوویانە دواخستنی هەڵبژاردن نابێتەهۆی لەدەستدانی ڕەوایی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەگشتی، ڕێژەی 60.6% هاونیشتمانیان لە کاری خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ڕازی نین و، ڕێژەی 38.6% لێی ڕازی بوون. بەرزترین ڕێژەی ڕازی نەبوون لە پەرلەمان لە پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی بەڕێژەی 79.6% و 78.9% بووە کە هیچ لێی ڕازی نەبوون. لەهەمان کاتدا بەرزترین ڕێژەی ئەوانەی کە زۆر لێی ڕازی بوون، لە ئیدارەی سۆران بوو بە ڕێژەی 21.3%.

جیاواز لە کاری پەرلەمان، ڕێژەی ئەوانەی لەم کابینەیەی ئێستای حکومەت ناڕازین، دەکاتە 48.8% و 50.6%یش لێی ڕازین. بەرزترین ڕێژەی ناڕەزایی لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی 82.9%، بەڕێژەی 80.6% لە هەڵەبجە و بەڕێژەی 72.3% لە ڕاپەڕین و 65.6% لە گەرمیان

بـووە. لـە بەرامبـەردا، ڕێـژەی %50.6 لـە کاری ئـەم کابینەیـە ڕازییـە، بەشـێوەیەک کـە %24.9ی زۆر ڕازییـە و %25.7ی تاڕادەیـەک ڕازییـە. لەنێـو زۆر ڕازییەکانیشـدا بەرزتریـن ڕێـژە لـە ئیـدارەی سـۆران بـوو بـە ڕێـژەی %65.4 و ئەوانـەی تاڕادەیـەک ڕازیبـوون لـە دهـۆک بـە ڕێـژەی %41.7 و دوای ئـەوەش لـە پارێـزگای هەولێـر بـە ڕێـژەی %37.1 ڕازی بوونـە.

ڕێـژەی %12.3 هاونیشـتمانیان گوتوویانـە کـە زۆر ڕازیـن لـە کاری ئەندامانـی کورد لـە پەرلەمانی ئێسـتای عێـراق، لـە بەرامبـەردا %37.3 گوتوویانـە هیـچ ڕازی نیـن و %15 تاوەکـو ڕادەیـەک ڕازی نیـن. واتـە بەگشـتی ڕێـژەی %52 هاونیشـتمانیان لـەکاری ئەندامانـی کـورد لـە پەرلەمانـی عێراق ڕازی نیـن. لـە بەرامبـەردا تەنیـا ڕێـژەی %45.9 ڕازیـن. بەشـێوەیەک کـە %33.6 تاوەکـو ڕادەیـەک و %12.3 گوتوویانـە زۆر ڕازیـن.

بەپێـی ئەنجامـەکان بەرزتریـن ڕێـژەی ئەوانـەی کـە هیـچ ڕازی نیـن، لـە ئیـدارەی سـەربەخۆ گـەرمیـان و ڕاپەڕیـن بەڕێـژەی %58 و %57، لـە بەرامبـەردا ڕێـژەی %19.5 لـە سـۆران و ڕێـژەی %17.9 لـە دهـۆک گوتوویانـە کـە زۆر ڕازیـن.

بەگشـتیش، لەڕووی بـاری خوێنـدن، گرووپـی تەمـەن و پیشـە و ژینگـەی دانیشـتووانەوە، ڕێـژەی %31 بـۆ %45 هیـچ ڕازی نەبـوون، لـە بەرامبـەردا ڕێـژەی %9 بـۆ %15 زۆر ڕازی بـوون.